# هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان شەرمەزار دەکەین

دوێنێ شەو فڕۆکەکانی تورکیا ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستانیان بۆمباران کرد لەئەنجامدا زیانێکی زۆر بە جەماوەری ئەو ناوچەیە کەوتووە . بەپێی ڕاگەیاندنەکانی هێزی پاراستنی گەل و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان هاوڵاتیەکی (ژن) شەهید بووەو پێنج هاوڵاتی تر بە خەستی بریندار بوون ، هەروەها 5 گەریلا شەهید بوون ، ئێمە وەك پارتی چارەسەری دیموکرتی کوردستان ئەو هێرشە بەتوندی شەرمەزار دەکەین و بەهەوڵێکی دەبینین بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی گەلەکەمان و سەپاندنی بێ ئیرادەیی بەسەر گەلەکەماندا، لەهەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ تێکدانی باری ئاسایش و ئارامی کوردستان .

## هێزولایەنە سیاسەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان

دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان بەم کردەوەیان باشتر ڕووی خۆیان بۆ گەلی کوردو ڕای گشتی ئاشکرا کرد، چونکە لەکاتێکدا هەموو هیزە نێو دەوڵەتیەکان و هێزو لایەنە کوردی و هەرێمایەتیەکانیش بانگەوازی ئەوە دەکەن کە کێشەی کورد بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت و دەرفەت بۆ چارەسەری ئاشتیانە بخولقینرێت و (کۆما جڤاکی کوردستان )(KCK)ش جارێکی تر لەڕێگەی ڕاگەیاندنی بانگەوازیەکەوە و لەچوارچێوەی پێوانە دیموکراتیەکاندا ئامادەکاری خۆی نیشان دا بۆ دیالۆگ و چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کورد , ئەم حکومەت و دەوڵەتە لەلایەکەوە لەبن ناوی پرۆژەی (برایەتی ) دا بانگەواز بۆ تەسلیم بونی گەریلا دەکەن و لەلایەکی تریشەوە بە شێوەیەکی نامرۆییانە هێرش دەکەنەسەر گەل و گەریلا , گومانی تێدا نیە ئەم هەڵوێستانەو ئەو پەیمانانەی لەنێوان تورکیاو عیراقدا ئیمزاکرا و هەتا ئیستاش کار بۆ جێبەجێکردنی دەکرێت، ئەو ڕاستیەنیشان دەدەن کەدەوڵەتی تورکیا و حکومەتی تورکیا سوورن لەسەر ئەوەی کە جارێکی تر نکوڵی لەماف و ناسنامەی گەلی کورد بکەن و ئەم هەڵوێستە بەسەر هەرێمەکەشدا بسەپێنن.

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان

ئەو هێرشانەی تورکیا بۆ سەر گەلەکەمان لەبەرە جەژنانی جەژنی قورباندا پەیامی ئەوەیە کە جارێکی تر دەخوازن کە گەلەکەمان بکەنە قوربانی و هەوڵدانێکە بۆ پارچەکردنی ئیرادەی گەلەکەمان. چونکە دەخوازن لەڕێگەی بۆردوومان کردنی گوندەکانی باشوری کوردستانەوەلەلایەك ئیرادەی گەل تێکبشکێنن و لەلایەکی ترەوە (KCK) وەك هۆکارێك نیشان بدەن بۆ ئەو هێرش و پەلامارە و بەم شێوەیە ئیرادەی گەلەکەمان پارچەبکەن و لەئەنجامدا بگەنەئامانجەکانیان کەپارچەکردنی گەلی کوردە , کەئەمەش زەمینەی بۆ خۆش دەکات کەئامانجەکانی بپێکێت , لەبەر ئەوە پێویستە بەهۆشیاری و بەهەستیاریەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکەین و بەتوندی لەڕێگەی لێدوان و چالاکی جەماوەریەوە ئەم هێرشانە شەرمەزارو مەحکوم بکەین و فشار بخەینە سەر حکومەتی هەرێم و حکومەتی عیراق و لایەنە نێو دەوڵەتیەکان کە سنوور بۆ ئەم کردەوە نامرۆییانەی دەوڵەتی تورکیا دابنێن .

ئێمە وەك پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان جارێکی تر ئەم کردەوانە شەرمەزار دەکەین و هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداره‌کان دەخوازین و یادی شەهیدەکان بەرز ڕادەگرین و داوا لەسەرجەم ئەندام و دۆست و لایەنگرانی خۆمان و هەموو نیشمانپەروەران دەکەین کەبەچالاکی دیموکراتیانە ئەم هێرشانە شەرمەزار بکەن و ببنە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتنی پیلانەکانی دوڵەتی تورکیاو ئەو هێزانەی پشتیوانی دەکەن

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

2007/12/17